# سەرەتای گوتاری نەتەوەسازی لە ڕێگەی مێژوونووسییەوە

## (حوزنی موکریانی و سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردی)


د. ئیسماعیل مەحموودی (*)
(هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)


(٢ – ٢)

حوزنی پرسی نەتەوەسازی و بەنەتەوەنیشاندانی کورد و گەیاندنی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی وەک ئەرکی سەرەکی خۆی پێناسە کردبوو، بۆیە تا کاتی مردنی لە بەغداد سەرقاڵی ئەرکی ڕۆژنامەوانی (١٥) و هێنانی دیاردەی مۆدێرنی وەک چاپخانە (Hamilton, 1937 : 123)و وێنەگەری و لە سەرووی هەموویانەوە مێژوونووسیی بوو، هەقە بڵێین بەڕاستی ئەو پیاوە عاشقی کورد بوو، بۆ کورد و لەپێناو کورددا بە داماوی سەری نایەوە. (مەزهەر، کەمال، ٢٠٠٢: ١٨٩)

سۆز و عەشقی حوزنی بۆ کورد و هەست بە زەروورەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی لە پاش شکستی پرۆژەی نەتەوەسازیی مونەوەران و سیاستەمەدارانی کوردی ئیستەنبوڵ و سلێمانی، حوزنی هان دا دەرفەتناسانە ئەم پرۆژەیە بگوازێتەوە بۆ بواری مێژوونووسی و بە نووسینی «غونچەی بەهارستان» گوتاری مێژوونووسانەی کوردی دەست پێ بکات.

### ١–٢) غونچەی بەهارستان:


«تەئریخ حسیات و نەجیبی ئینسان بڵند دەکات... ئینسان لەسەر ڕێگای تەرەقی و تەواوی بۆ مەنزڵی ئازادی و سەربەستی، دەباتە پێشەوە». (حوزنی موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٨)

غونچەی بەهارستان یەکەم کتێبی مێژووی

کورد و کوردستانە، کە بە زمانی کوردی و لە لایەن (حوزنی موکریانی)یەوە لە ساڵی (١٩٢٥) دا بڵاو بووەتەوە. غونچەی بەهارستان سەرەڕای هەندێ هەڵەی مێژوویی و گرفتی میتۆدی (١٦)، کە تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە مێژووی ڕەگەز، زمان، شارستانیەت و سەلماندنی کۆنبوون و مێژووییبوونی کورد، سەرەتای مێژوونووسی نەتەوە- تەوەر، دابڕانە لە سوننەتی پێشووی مێژوونووسی، کە ڕاستییەکەی هەمان ڕووداونووسی و ستایشی بنەماڵە دەسەڵاتدار و میرەکانی کوردستان بوو، کە بە زمانی فارسی نووسرابوون. لە غونچەی بەهارستاندا مێژوو جیا لەوەی هونەرێکی «زۆر شەریفە»، تەنیا «حیکایەتکردن و سەرگوزشتە و چیرۆک» نییە، بەڵکوو مێژوو لە بنەڕەتدا «خۆناسی و ئەوی تر ناسی»یە. (حوزنی موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٧)بە واتایەک ناوەندی شوناسسازی و پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەییە.

بە پێچەوانەی سوننەتی پێشووی مێژوونووسییەوە، واتە شەرعیەتبەخشین و ستایشی میرە کوردەکان و گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی، کورد و شوناسی کوردی و ژیانەوەی ڕابوردوو لەپێناو نەتەوەسازیدا دەبێتە ناوەندی سەرەکی غونچەی بەهارستان.

بەم وەسفە دەکرێت بڵێین؛ بە ناوەندکردنی کورد و کوردستان و پەردەهەڵدانەوە لە ڕابوردووی کوردستان، بە مەبەستی بە مەزن و کۆنارا نیشاندانی کورد و نیشتمانی کوردان، بۆ یەکەم جار لە غونچەی بەهارستانی حوزنی موکریانییەوە دێتە ناوەندی گوتاری مێژوونووسی کوردی و دەبێتە سەرەتای دەست پێکردنی گوتاری مێژوونووسانەی کوردی، بەم بۆنەیەوە دەکرێت غونچەی بەهارستان (١٧) وەک سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردی پێناسە بکرێت کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین



**حوزنی موکریانی**

تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارە دەکرێت.

**١-٣) بە ئایینیکردنی خۆشەویستیی نیشتمان:**

لە گوتاری مێژوونووسانەدا کە نەتەوە- ناوەندە، گشتگیرکردنی پرسی نیشتمان و سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمان وەک سەرەتای نەتەوەسازی پێناسە دەکرێت، حوزنی لە غونچەی بەهارستاندا وەک بەرهەمێکی مێژوویی نەتەوە- تەوەر هەوڵ دەدات مانای نیشتمان و وەتەن لە زێدەوە بگوڕێت بۆ یانەی هاوبەشی هەموو کوردان، بە واتایەک کوردستان ببێتە نیشتمانی هەموو کوردان، گرنگتر لەوەی بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئایینی بە هێنانی حەدیسی «حب الوطن من الایمان»، جیا لە بەخشینی شەرعیەت بە خۆشەویستی نیشتمان و بەپیرۆزکردنی، پێش بە بەرهەڵستی پیاوانی ئایینی، لایەنگری گوتاری ئوممەتی ئیسلامی و دەزگای خەلافەت دەگرێت و خۆشەویستی نیشتمان وەک ئەرکی ئایینی پێناسە دەکات،

لەم بارەیەوە دەنووسێت: «لازمە لەسەر هەموو میللەتی کورد و واجبە و شەرتی ئیمانیانە مەحەبەتی کوردستانیان هەبێت و خۆشیان بوێت و بزانێت؛ (خاک و خۆڵ و ڕەگی میللەت و شار و دێهات و سنووری وەتەنی، تەئریخ...) شەرتی باوەڕێتی. هەموو ڕۆژێک چەند جاران دووبارە باوەڕی تازە بکاتەوە، تاکوو ئیمان و دینی نەکەوێتە تەهلوکەوە. ئیمان و ئایینی ڕوو لە شکستەیی نەکا». (حوزنی موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٣)

لە گوتاری نیشتمان ناوەندیی حوزنی دا، بە یارمەتی حەدیسی «حب الوطن من الایمان» ڕوانگەیەکی نوێ بۆ نیشتمانی کورد، واتە کوردستان پێناسە دەکات و لەو بڕوایەدایە بیرنەکردنەوە لە نیشتمان، دەبێتە هۆی ئەوەی دین و ئایین بکەوێتە مەترسییەوە، ئەمە سەرەتای ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ نیشتمان، کە بە غونچەی بەهارستانەوە دەست پێ دەکات کە لە ئەساسدا قودسیەت بە نیشتمان دەبەخشرێت و نیشتمانپەروەری وەک مەرجی ئیمان پێناسە دەکرێت.

**٢-٣) یادکردنەوە و یادسڕینەوە:**

«کورد پیاوی وەک ڕۆستەم، داستان و دارا و بەهمەن و جاماسب و زەردەشتیان پێگەیاند، تا قیامەت لە تایفی دەهر مەدحیان دەکات. (موکریانی، هەمان: ٥٤)

لە مێژوونووسی نەتەوە- تەوەر و مێژوونووسی ناسیۆنالیستی لەپێناو بەهێزکردنی وشیاری قەومی و هاندان و ڕێخستنی خەڵک بۆ یەکگرتن و یەکڕیزی، بەردەوام یاد لە سیمبۆلە نەتەوەییەکان دەکرێتەوە، تەنانەت بەردەوام سیمبۆلسازی دەکرێت و یادی هەندێک سیمبۆلی هاوبەش و ئایینی پەراوێز دەخرێت، بە واتایەک تووشی یادسڕینەوە دەکرێت.

حوزنی موکریانی لە غونچەی بەهارستاندا دەست بە یادسڕینەوەی سیمبۆلە ئایینییەکان دەکات و پەراوێزیان دەخات و بە پێچەوانەی سوننەتی پێشووی مێژوونووسییەوە، کە بە یادی کەسایەتی ئایینی و ستایشکردنی ئەوانەوە دەستی پێ دەکرد، ئیتر لە مێژوونووسی نەتەوەتەوەری غونچەی بەهارستان لە کەسایەتی و سیمبۆلە ئایینییەکان یاد ناکرێتەوە، بە واتایەک یادکردنەوەی کەسایەتییە ئایینییەکانی عەرەب وەک سامانی هاوبەشی کولتووری ئیسلامی لە گوتاری حوزنی جێگە و پێگەیان نامێنێت و لە بەرانبەردا یادکردنەوەی کەسایەتییە کوردییەکان وەک ئەولەویەتی نەتەوەسازی بۆ کورد لە غونچەی بەهارستاندا بەرجەستە دەکرێت.

حوزنی لە غونچەی بەهارستاندا چیتر وەک موسڵمانێک قسە ناکات و شانازی بە ئیماژ و سیمبۆلە ئایینییەکانی جیهانی ئیسلامەوە ناکات، پرسی پێوەندی کورد و ئیسلام لە بواری مێژوودا، دەخاتە پەراوێزەوە، بە واتایەک یادسڕینەوە دەکات و لەپێناو نیشاندانی جیاوازبوونی نەتەوەی کورد، ئەو پێوەندی و کەسایەتییانە دەسڕێتەوە، لە بەرانبەردا لەپێناو شانازیی مرۆڤی کوردەوە، یاد لەو کەسایەتی و سیمبۆلانە دەکاتەوە کە تەنیا پێوەندییان بە کوردەوە هەیە، یان بە هی کوردیان دەکات کە لەپێناو نەتەوەسازی و سازکردنی شانازی بۆ ئینسانی کورد و کۆمەڵگەی کوردیدا، یادکردنەوەیان بە پێویست دەزانێت، بۆ نموونە: یادی هورمزان پاشای لوڕستان، ئەسفندیار پاشای شەهرەزوور، بەهرام کوڕی فەرخزاد پاشای ئاوربایگان، یەزدی کوردیان، کیانیان، ڕۆستەم، کەیکاوس و دارا و... زیندوو دەکاتەوە و دەنووسێت:

«کوردستان پیاوی وەک توکلە و فەزڵوون و دەیسەم و سەلاحەدینی ئەیووبی و نادر و کەریم خانی زەند لە سەلاتینان هێنا وجوود». (موکریانی، هەمان: ٩٥-٧٥)

لێرەوە یادسڕینەوەی کەسایەتی و ئیماژە ئایینییەکان و یادکردنەوەی کەسایەتی و ئیماژە کوردییەکان لەپێناو نەتەوەسازیدا دەبێت بە بەشێک لە گوتاری غونچەی بەهارستان و بە گشتی ڕەوتی مێژوونووسیی حوزنی موکریانی.

**٣-٣) بە ئەزەلی زانینی و کۆنینەسازیی میللەتی کورد:**

کورد لە چەند دە هەزار ساڵانەوە تا ئێستا، هەر کوردن و خۆیان بە کورد دەزانن و لە عادات و ژیانی قەومیەتیان دەرنەچوون. (موکریانی، هەمان: ٦٢)

بە زاڵبوونی پرسی ناسیۆنالیزم و دیاردەی دەوڵەت- نەتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بە تایبەت سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستان، مانای «میللەت» وەک چەمکی ئایینی و نەریتی و بە مانای شوێنکەوتووانی ئایین، بە کاریگەری لە گوتاری ڕۆژئاوایی بۆ مانایەکی نائایینی و بەربڵاوتر لەپێناو نەتەوەسازیدا بۆ مانای (na-tion) دەگۆڕێت.

لە گوتاری (حوزنی موکریانی)شدا وەک حاجی قادری کۆیی و مونەوەران و سیاسەتمەدارانی کوردی ئیستەنبوڵ، جیا لەوەی چەمکی «میللەت» مانای نوێ و نائایینی بەخۆوە دەگرێت و میللەت وەک نەتەوە (nation) پێناسە دەکات، بەڵکوو کورد وەک میللەتێکی ئەزەلی پێناسە دەکرێت.

لە گوتاری حوزنی دا میللەت دیاردەیەکی ئەزەلییە و شتێکی نوێ نییە، بە واتایەک لەو گوتارە میللەتی کورد تازە دروستکراو و ساختەکراو نییە، بەڵکوو لە ئەزەلەوە هەر بووە و کۆن و قەدیمیبوونی کورد وەک میللەت شتێکی تازە نییە، تەنانەت لای حوزنی کاتێک «بەشەر بە تەوەحوش لە کوێستانان و سەحرایاندا دەژیان و بە تاڵان و کوشتاری یەک و لە حاڵ بەدەوییاندا ڕایاندەبوارد، کورد بە جووت و چاندن و دانیشتن لە دێهاتدا بەسەریان دەبرد و ڕوو لە بڵندی و پێشکەوتن عادەتیان گرتبوو». (موکریانی، هەمان:٥٤)

حوزنی پێیوایە لە کۆنەوە تا ئێستا کورد هەر وەک میللەت بوونی هەبووە، تەنانەت «لە پێش عەرەباندا بە چەندان هەزار ساڵان لە تەمەدوونێکی تەواودا بوون». (موکریانی، هەمان:٥٤)

کەواتە بەمیللەتبوونی کورد لە گوتاری حوزنی دا شتێکی ساختەکراو و بەرهەمی بیری مۆدێرن نییە، بەڵکوو کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا هەر میللەت بووە، ئەم ڕوانگەیە بۆ یەکەم جار لە غونچەی بەهارستاندا دەنگ دەداتەوە.

**٤-٣) ڕابوردووسازیی و ستایشی کوردستانی کۆنارا:**

«کورد حوکمداران و کۆمەئاباد و جەمشید و کەیانی و ساسانییان لە پێش ئیسلام پێگەیاندووە» (موکریانی، هەمان: ٥٤)

حوزنی لەسەر شێوازی مێژوونووسانی نەتەوەتەوەری ئەو سەردەمە، لەپێناو نەتەوەسازیدا بیر لە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەسازیی دەکاتەوە و لەم پێناوەدا دەست دەکات بە «ڕابوردووسازیی»، بە واتایەک ساختەکردنی هەندێک سیمبۆلی کوردی و ستایشی کوردستانی کۆنارا و تاڕادەیەک ساختەکراو.

دیارە هەستکردن بە مێژوویبوون، سەرەتای هەست بە نەتەوەبوونە و بە واتایەک هەنگاوی سەرەکییە لەپێناو بەنەتەوەکردن، هەر لەم پێناوەدا

حوزنـی بـۆ نیشـاندان و سـەلماندنی مێژوویبوونـی کـورد، هەنـگاوی سـەرەکی هەڵدەگرێـت.

لـە گوتـاری (غونچـەی بەهارسـتان)دا، کـورد خـاوەن یەکـەم شارسـتانیەت، دامەزرێنـەری یەکـەم سیسـتمی پاشـایەتی، ئازاتریـن قـەوم، سـەرچاوەی ڕەگـەزی عیـلام، فـارس، بلـووچ، ئەفغـان و ئەرمـەن و کۆنتریـن قەومـی دنیـا پێناسـە دەکرێـت. (موکریانـی، هەمـان: ٦٢-٨) تەنانـەت کۆرش دامەزرێنـەری هەخامەنشییەکان، وەک کـورد نیشـان دەدرێـت. «میللەتـی کـۆرش، کـە پایتەختیـان کەرکـووش (کەرکـووک) بـوو، تایفـەی کـوردن و تەقالیـد و عـادات و ڕەوشـتیان بـۆ ئـەوە شـاهیدە» (موکریانـی، هەمـان: ٩٥-٧٥) گرنگتـر لـەوە ڕابوردووسـازیی دەگاتـە ئـەو جێگەیـە، کـە حوزنـی دەنووسـێت؛ لـە سـەرەتاوە تـا هاتنـی ئیسـلام، کـورد هـەر سـەربەخۆ بـووە. «موئەریخانـی ڕابـوردوو ئیسـپاتبوونی کەلیمـەی کـورد و میللەتـی کـورد و زوبـان و کوردسـتان و حکوومـەت و ئیسـتیقلالی کوردسـتان و ئیـدارە و حوکمڕانییـان بـە هەمـوو جۆرێـک دەکـەن». (موکریانـی، هەمـان: ٦٨)

پـاش ڕابوردووسـازیی، ستایشـی کوردسـتانی کۆنـارا کـە بـە لای (حوزنی)یـەوە سـەربەخۆ بـووە، خەڵکـی کـە خاوەنـی باشـترین ژیـان و ڕەوشـت و بەختەوەریی بووە، دەبێتـە بەشـێک لـە گوتـاری غونچـەی بەهارسـتان، لـەم پێوەندییـەدا بـۆ دۆزینـەوەی هـۆکاری دواکەوتوویـی ئێسـتای کۆمەڵگـەی کـوردی، ڕوو لـە تـورک و عـەرەب دەکات و وەک هـۆکاری سـەرەکی داڕمانـی سیاسـی و ئەخلاقـی و بـە گشـتی دواکەوتوویـی ئێسـتەی کۆمەڵگـەی کـوردی پێناسـەیان دەکات.

**٥-٣) تورکدژی و عەرەبدژی و کوردپارێزی:**

«... کـورد ئـەوەڵ کەسـێکن قانـوون و ئاییـن و قاعیدەیەکیـان هێنابـووە گـۆڕێ. لەنێـو تـەواوی بەشـەردا چاکترینـی تـەواو ئەدیان و ئاییناین بۆ عـەدل و بەدادترینـی هەمـوو قانوونێکـی ئینسـان قەبـووڵ کردبوو و نزیکترینـی عەقـڵ و ئینساف و تەبیعـەت بـوو، کـە خێـڵ و گـەل و قەبایلـی دیکـە بەکاریـان هێنابـوو». (موکریانـی، هەمـان: ٥٤)

حوزنـی دەیەوێـت ئـەوە بسـەلمێنێت کـورد وەک نەتەوەیەکـی خـاوەن مێـژوو و کۆنـارا و ئەزەلـی، خـاوەن شارسـتانیەت و ئـازا بـووە «تەئریـخ بـۆ ئـەو گەواهەیـدەر و شـاهیدە، میللەتـی کـوردی نەجیـب و ڕەشـید و سـەخی و زەکـی، ئازاترینـی ئەقوامـی ئارییـە... زەوی و ئەرازیـان لانکـی تەمـەدوون و پێشـکەوتن و بڵندییـە بـۆ قەباییلـی دیکـە». (موکریانـی، هەمـان: ٥٤) ئەگەرچـی ئێسـتا دواکەتـووە، دواکەوتوویـی بەرهەمـی هێرشـی تـورک و عـەرەب، تەنانـەت فەرهەنگـی عەرەبـە و لـەم بارەیـەوە دەنووسـێت: «بـێ موبالەغـە، تورک بـە غەیـرەز فەسـاد و تاڵانگـەری و بەدئەخلاقـی و تەوەحـوش و جەهـل و بێئیدراکییـان فێـری کوردان نەکـرد». (موکریانـی، هەمـان: ٩١)

هـەر لـەم بارەیـەوە ڕای وایـە هەرچـی شـتی خراپـە، کـەوا ئێسـتا لەنێـو کـورددا بـاوە، بەرهەمـی هاتنـی عەرەبـە. «کـورد هـەم دیـن و هـەم تەقلیـد و هـەم خورافـات و ئەفسـانەی جاهیلانـی عەرەبیـان بـە تـەواوی قەبـووڵ کـرد، لـەو ئەفسـانە و خورافاتانـەدا ئیشـتیهادیان کـرد، تەوسیعیان نیشـان دا، بەڵکـوو بـە بێتـرس دەڵێم؛ عولەمـا و مەشـایخی کـوردان، فەنانـی ئەفسـانە و درۆی خورافاتـی نەزانانـی عەرەبـن و لەسـەر ئوسـووڵی نەسـڵی ئـەو درۆ و ئەفسـانانە کتێـب و حاشـیە تەئلیفـات کـراوە... لاکیـن هـەر وەکـوو

بەحس کرا، تا زەمانی دەرکەوتنی ئیسلام، کورد بە موستەقیل لە بن ئالآی پادشای خۆیاندا دەژیان». (هەمان: ٩٤)

بە ڕای حوزنی کاریگەریی کولتووری عەرەب بووەتە هۆی پەرتەوازەیی کورد، لەم بارەیەوە دەنووسێت: «مولاحەزە دەکرێت لە ئەوەڵ دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ، عولەما و مونەوەرانی کوردستان بە بوغز و نیفاق و شیقاق و وێرانی کوردستان دەکۆشن. وەتەنیان لە زوبان و عادات و تەبایع و ژیان و ئاوەدانی و میللەت و قەومییەتیان مەحرووم کردن و خستیانە ژێر لینگی ئەعداوە، لە ئەحواڵ و تەئریخی خۆیان و ئەجدادیان بێخەبەر کردن. تەئلیفات و نووسین و خدمەتانیان بە زوبان عاداتی غەیری خۆیان دەست پێ کرد. بوون و ژیان و هەستی ئازادییان کردە فیدای هێندێک ئەشیای ناچیزە و مەوهوم و خەیاڵی وەتەن و میللەتیان لە دەست دەرخست» ( هەمان: ٥٥)

پیاوانی ئایینی کە زۆرتر خەمی ئایین و خەلافەتیان بووە، لای حوزنی هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردین، «چونکە ئەوان ڕۆژێک بۆ تەرەقی و پێشکەوتن و ئاوەدانی و ژیان و زانینی کوردەواری، موتەفەکیر نەبوون و نەیانخستە بیرەوە» (موکریانی، هەمان: ٩٠)

تورکدژی و عەرەبدژی وەک بەشێک لە گوتاری غونچەی بەهارستان لەپێناو دوو ئامانج و مەبەستی سەرەکیدایە، یەکەم جیاکردنەوەی کورد لە تورک و عەرەب و تەنانەت فارس. «کورد هەر کوردە، نە نیسبەتی لە عەرەب و نە لە تورک و غەیرە دەدرێت. کورد لە چەند دە هەزار ساڵانەوە تا ئێستا هەر کوردن و خۆیان بە کورد دەزانن» (موکریانی، هەمان: ٦٢) دووەم؛ خستنە ئەستۆی هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر شانی تورک و عەرەب و هاندانی کورد بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و ڕێزگرتن لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان، لەم پێناوەدا، واتە لە ڕێگەی گوتاری مێژوونووسانەوە دەیەوێت کورد وەک نەتەوەیەکی ئەزەلی و جیاواز پێناسە بکات و کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆشەویستی نیشتمان و هەستی نەتەوەیی هان بدات.

**ئەنجام:**

غونچەی بەهارستان، یەکەم مێژووی کورد و کوردستانە، کە بە زمانی کوردی و لە لایەن (حوزنی موکریانی)یەوە لە ساڵی (١٩٢٥) و بە کاریگەریی گوتاری نەوەی یەکەمی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێ ئیستەنبوڵ و شکستی هەوڵی نەتەوەسازیی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی کوردی ئەو سەردەمە، نووسراوە.

لە ڕوانگەی (حوزنی موکریانی)یەوە، مێژوو تەنیا «حیکایەت و چیرۆک» نییە، بەڵکوو «خۆناسی و ئەوی تر ناسی»یە، کە مرۆڤ «بۆ مەنزڵی ئازادی و سەربەستی» هان دەدات. (هەمان: ٥٨) بە واتایەک مێژوونووسی، ناوەندی خۆناسی و ئەوی تر ناسی و ڕێگەی گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی کۆمەڵگەی کوردییە، کە (غونچەی بەهارستان) بەم ئامانجە نووسراوە.

غونچەی بەهارستان، سەرەتای دابڕانە لەو سوننەتە مێژووییە، کە مێژوونووسی بریتی بوو لە ناوچەگەرایی، ستایش و شەرعیەتبەخشی بە دەسەڵاتی سیاسی میرانی کورد و نووسینەوەی ڕووداوی سیاسی بە زمانی فارسی و عەرەبی و پەراوێزخستنی خەڵک و ڕابوردووی کوردستان.

غونچەی بەهارستان سەرەڕای هەندێ هەڵەی مێژوویی و گرفتی میتۆدی، لە ڕێگەی بەناوەندکردنی کوردستان و بە مەزن و کۆنارا نیشاندانی کورد و نیشتمانی کوردان، دەبێتە خاوەن گوتارێکی نوێ

لە ڕەوتی مێژوونووسی کوردی.

بەئایینیکردنی خۆشەویستی نیشتمان، ڕابوردووسازیی، عەرەبدژی و تورکدژی، ستایشی کوردستانی کۆنارا و ڕوانینی ئەزەلی بۆ کورد وەک نەتەوە، لە ڕیزی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری «غونچەی بەهارستان»ی حوزنی موکریانی یە، کە دەکرێت وەک سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردی و بە واتایەک مێژوونووسیی نەتەوە تەوەری کوردی پێناسە بکرێت.

### پەراوێزەکان:

١٥- جیا لە یارمەتیدانی پیرەمێرد بۆ چەندان ژمارەی ژین، حوزنی سێ ڕۆژنامەی «زاری کرمانجی ١٩٢٦ - ١٩٣٢»، «ڕووناکی ١٩٣٥ - ١٩٣٦» و دەنگی گیتی تازەی بڵاو کردووەتەوە.

١٦- لە بواری بابەتەوە زۆربەی ناوەڕۆکی غونچەی بەهارستان، نووسینەوەی قسەکانی ڕۆژهەڵاتناسان، بەبێ کەمترین ڕوانینی ڕەخنەگرانە و بە کوردیکردنی بەشێک لە مێژووی کۆنارای ئێرانە.

١٧- شەش ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی غونچەی بەهارستان، ئەمین زەکی بەگ، مێژووی دیکەی کوردستان- تەوەری لە ساڵی (١٩٣١)دا بڵاو کردەوە. هەڵبەت لە هەمان ساڵیشدا و لە درێژەی پرۆژەکەی حوزنی «مێژووی ئومەرا و حوکمدارانی بەناوبانگی کوردستانی شارەزوور» وەک بەشی چوارەمی مێژووەکە بڵاو کردەوە.

### سەرچاوەکان:

**کوردی:**

- ئەلاکۆم، ڕوهات (٢٠٠٥) کوردەکانی ئیستەنبوڵی کۆن. وەرگێڕانی ئەحمەد تاقانە، هەولێر، موکریانی
- بدلیسی، شەرەفخان (٢٠٠٦)، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، هەولێر، ئاراس.
- بدلیسی، شەرەفخان (٢٠٠٧) شەرەفنامە، شەرەفخانی بدلیسی. مێژووی میرانی خانەدانی عوسمانی و پادشایانی ئێران و تورانی هاوچەرخیان، بەرگی دووەم، وەرگێڕاوی سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی، ژین.
- حاجی قادری کۆیی (١٣٩٠)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، لەسەر نووسینێکی نوێ بەپێی بۆچوونەکانی محەمەدی مەلا کەریم، سنە، کوردستان.
- حوزنی موکریانی (٢٠٠٧)، سەرجەم بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، بە سەرپەرشتیی کوردستان موکریانی، هەولێر، ئاراس.
- مەزهەر، کەمال (٢٠٠٢)، حوزنی موکریانی ڕۆژنامەنووس و زاراوە مێژووییەکان، ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- زەکی بەگ، ئەمین (٢٠٠٦) خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، بنکەی ژین.
- زەنگەنە، عەبدوڵڵا (٢٠٠٢)،ماڵی کوردی تاڵان بردی، ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**ڕۆژنامەکان:**

- ڕۆژی کورد (ئیستەنبوڵ ١٩١٣)، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکیی ئیسماعیل شوکور، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥.
- ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠٠٢.
- کوردستان (١٨٩٨-١٩٠٢)، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوە و پێشەکی: د. کەمال فوئاد، هەولێر، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، ٢٠٠٠.

- هەتاو (١٩٥٤-١٩٦٠)، بەرگی یەکەم، سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. کوردستان موکریانی، هەولێر، بنکەی ژین، چاپخانەی باز، ٢٠١٠:

**فارسی:**

- انتخابی، نادر (١٣٩٠) ناسیونالیسم و تجدد در ایران و ترکیه، تهران، نگاره آفتاب.
- انتخابی، نادر (١٣٩٢) دین و دولت و تجدد در ترکیه، تهران، هرمس.
- بزارسلان، حمید (١٣٩٨) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، عباس ولی، بزارسلان و... ترجمەی کراد روحی، تهران، چشمه.
- پورگشتال، هامر (١٣٦٧) تاریخ امپراتوری عثمانی، ترجمه میرزا زکی، تهران، زرین.
- جی شاو، استانفور (١٣٧٠) تاریخ امپراتوری عثمانی و ترکیه جدید، مشهد، استان قدس رضوی.
- رئیس نیا، ڕحیم (١٣٦٨) ایران و عثمانی، تبریز، ستوده.
- فرامکین، دیوید (١٣٩٦) صلحی که همه صلح ها را برباد داد، ترجمه حسن افشار، تهران، ماهی.
- فیلد هاوس، دیوید (١٣٧٠) لایان، والاس، کردها، عرب ها و انگلیسی ها، ترجمەی حسن افشار، تهران، مرکز.
- لایان، والاس (١٣٧٠) کردها، عرب ها و انگلیسی ها، پیشگفتار فیلد هاوس، دیوید ترجمەی حسن افشار، تهران، مرکز
- مک داول، دیوید (١٣٨٣) تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، پانیذ:

**ئینگلیزی:**

- A.M.Hamilton(1937), road through Kurdistan. The narrative of an Engineer in Iraq, London.
- Mardin(2000) The Genesis of yong ottoman Thougt.New York: Syracuse University press.:11

* دوکتۆرای مێژووی هاوچەرخ و توێژەری مێژووی ئەندێشە لە کوردستاندا.